# پارێزەران داکۆکی لە دیکتاتۆر دەکەن

**چنار نامیق**

کەسگەلێک کە هەمیشە بەرق و کینە گۆشکرابن و تینووی مژینی خوێنی مرۆڤ بن لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خوددا گەورەترین و پیرۆزترین مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن هەر لە ئەنفال و کیمیاباران و ئەشکەنجەدان بەهەموو جۆرەکانییەوە، ئیدی ئەمانە چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت دژ بە مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ نەوەستن و کەینێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت ئەو مافانە دەستە بەر بکەن.

بێگومان تاکو ئەمڕۆ عەرەب نەیتوانوە دان بەهیچکام لەو دەسکەوتانە دا بنێت کە گەلەکەمان بەدەستی هێناون یاخود قوربانیە مەزنەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە لە بەرچاو بگرێت کە مێژوویەکی درێژخایەنی بەخۆوە گرتووە، لەخەبات و تێکۆشان و قوربانیدان لە پێناو دەستە بەر کردنی ئارامی و ئازادی دەڤەرەکەدا.

دەبوو شوفینزم و ڕەگەز پەرستی و نیازگلاوی ئەمانەن لە ڕۆژانی ئەنفال و کیمیاباراندا بۆ یەقین بووایە ئەو دەمانەی بەخۆیان و میدیاکانیانەوە کەڕولاڵ بوون لە ئاستی ئەو هەموو تاوانە گەورانەی بەرامبەر بە گەلانی عێراق دەکرا هەر لە قەتڵ و عامکردن و کوشتن و جینۆساد و زیندە بەچاڵکردنی هاوولاتیانی بێدیفاع.

ئەو دەمانە ویژدانێک لەنێو ئەواندا نەبزوا تا دەنگی هەڵەبجە بگەیەنێتە رای گشتی جیهان بەپێچەوانەوە فەتوای حەلاڵکردنی خوێنی کوردیان دەدا.

ئەم تاوانانەی دژ بەکوردو کێشە ڕەواکەی ئەنجام دەدرا تەنها تاوانی« سەدامی» دیکتاتۆرنەبوو ئەگەر چی ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامی دەدان، بەڵکو گشت عەرەبە شۆ فینیستەکان ئەوانەی لە رابردوو ئێستا دا سەدامی دۆڕاو بەهێمای سەروەری و قارەمانێتی دەناسێنن بەشدار بوون لەو تاوانانە، ئەم سیاسەتە دوورە لەگشت بەها مرۆییەکان و داب و نەریتە کۆمەلایەتییەکان، ئەبستراکتن لە گشت ڕەوشتێکی مرۆڤانە.

وەک ئەو بڕیارەی یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی عەرەب لە کۆنگرەی بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ کەلەم دوایانەدا لەدیمەشقی پایتەختی سووریا بەستیان یەکێک لە ئامانجە سەرەکێکانیان و بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆبونەوەکەیان داواکردن بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەو هەڵپەساردنی ئەندامێتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتیدا.

ئیدی چی لەمانە چاوەڕوان دەکرێت پارێزەران دەبێت پێشەنگ بن بۆ داکۆکیکردن لەراستی و ڕێگە گرتن لەبەردەم پێشێلکاری لەنێو کۆمەڵگەدا، کەچی یەکێتی پارێزەرانی عەرەب لیژنە پێکدەهێنن بۆ بەرگریکردن لە « سەدام » و دارو دەستە و تاوانەکانی.

ئەمە لەبری ئەوەی ئیدانەی ئەو هەڵوێست و کردەوە نامرۆڤانانە بکەن کە رژێمی لەناوچوو دژی گەلانی عێراق ئەنجامی دا، ئەممەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوان بە ئێستاشەوە لەگەڵ کردەوەکانی بەعسدا هاوسۆزن تەباو کۆکن لەسەر هەڵوێستەکانیان دژ بەنەتەوەکەمان کەسانێک خاڵی بن لەبەهاو رەوشتە مرۆییەکان چۆن دەتوانن پارێزگاری لەیاساو کۆمەڵگا بکەن، ئەمانە نەک هەر پارێزەر نین بەڵکو خەڵکێکی قێزەونن کە جگەلە زیان هیچ سوودیان نییە بۆکۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبوو عەرەب هەوڵی بدایە هیچ نەبێ برێک لەعەقلیەتی خۆی بگۆڕێ چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ« انا انزلنا قرانا عربیا لعلکم تعقلون»بەڵام وادیارە ئەمانە دوورن لەوشیاربونەوە، چاکترین نمونەش کە ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ زیندە بەچاڵکردنی کچانە لەکاتی لەدایکبوندا لەعەسری جاهلیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە هەڵوێستەکانیاندا دەبینرێت، لەرابردودا ئەم دواکەوتوییە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەڵوێستەکانیان دژ بە مرۆڤایەتی و عێراق دەبینرێت.